# سایکس بیکۆ کوردستانی کرد بە چوار بەش.. کوردیش زمانەکەیان دەکەن بە چوار

**موحسین جوامێر**
mohsinjwamir@hotmail.com

کورد، خەریکە ڕووبەڕووی گەورەترین  کارەساتی نەتەوەیی، نیشتمانی و ناسنامە بێتەوە، بێی ئەوەی زۆرانێک هەستی پێ بکەن، تەنانەت زانا، سیاسی و ڕۆشنبیرانیش کە هەر دەڵێی دوعایان لەسەر خوێندراوە؛ لێی بێ خەبەرن. بەندە لەو بڕوایە دام ئەو عەیب وەدەرکەوتنە پەیتاپەیتا سنووری کوردستان دەبەزێنێ و کاردانەوەیەکی نەرێنیشی لەسەر ناوبانگ و مەسەلەی کورد دەبێت. خۆ هێندێ کەس بابەتی ئاوا دەنووسن، ئەزی لی شەرمەزارم.. من هەرگیز رەخنەم لەوە نییە، برادەرێک بێ بڵێت گەلۆ ئێمە کیشەیەکمان هەیە، بابێین چارەسەرێکی بکەین، هەتا زووە، وەلێ تۆ بێیت بۆم بشیعرێنی و شانازی بەوە بکەیت زمانانی کوردیی سەرەکی؛ وەک چوار ڕەنگەکەی ئاڵای کوردستانن و دەبێ نازیان بگیرێ و پەرەیان پێ بدرێت، ئا ئەوەیە لوتکەی نەفامی، نەزانی و دەبەنگی، کە قیاسی کەشکێ لە مەشکێیی پێ دەکرێت. لە کاتێکدا لەهجەگەورە و نیوچەگەورەکانی کوردی بیست و یەکن، لە بنلەهجەکانیش گەڕێ کە بۆی هەیە هەزارویەک بن.!

گومان لەوەدا نییە کۆمەڵێک لەناوەوە، کەوتبێتنە ژێر کاریگەریی هێندێک لایەنی دەرەوە کە سەرقاڵن بە چاندنی گیانی ناوچەگەری و پڕۆپاگەندە بۆ دیالێکتان، بەمەبەستی شێواندنی نەخشەی زمانی یەکگرتووی کوردی کە هەمیشە بۆنی بەهاری پێوەیە.. هاوکات کاریان پی دەکرێت بۆ ئەوەی چەمک و تیگەکان بشێوێنن و پاشان زانیاریی هەڵە بگەیەننە ئەوانیدیکە.. وەک ئەوەی ـ بۆ نموونە ـ دەوترێ زمانی نەڕویجی دوو دیالێکتە و بە هەردووکان دەخوێندرێت، بێ ئەوەی بوترێ جیاوازیی هەرەسەرەکی لەنێوان ئەو دوو دیالیکتەدا لە ڕێنووس دایە نەک لە تێگەیشتندا، هۆیەکەشی ئەوەیە زمانی نەڕویجی بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی زمانی دانیمارکی، کە وای کردووە دوو شێوەنووسین هەبێت کە یەکێکیان پێی دەڵێن بووکمۆڵ ( لە 88 ـ 90% ی ئاخێوەران پێک دەهێنێت ) و نینۆرسکە کە باقییەکەیە. دەبێ ئەوەش بزانرێ کە نەڕویج بەحوکمی ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییە و خەڵکی لێک دابڕاون؛ شێوەزاریان زۆرە، وەلێ دیالێکتی بووکمۆڵ گردوکۆیانی کردووەتەوە. وەک ئێمەی بەدبەخت نین، لەهجان بفەلسەفێنن و دابەشیان بکەن بەسەر ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتەکەیاندا.

من دەڵێم ئەوانەی بەپەلەن، بەر لەوەی بە ئەقڵ بیر بکەنەوە و بەشێنەیی لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە، مخابن بە پێ بیر دەکەنەوە.. ئەرێ، ئەو کۆششە نەزۆک و کوردلەنێوبەرانەی هەندێ لەمێژوو و بزاقی زماننەگەیشتوو، دەیکەن و زمانی کوردییان داوەتە بەر کلکان، هیچ جیاوازیی لەگەڵ ئەو هەوڵەدا نییە کاتێک عەرەبگەلێک بیدەن بۆ خولْقاندنی شێوەزارێکی عەرەبی لەپاڵ زمانی پەتیدا، لەژێر هەر ناو و دروشمێکدا بێت.. ئەو جۆرانە، بلا ئەددیعای هەمی تشتان بکەن، تەنێ کوردایەتی و کوردستانایەتی نەبێت، چونکە بەگران ڕادەوەستێ، نەنگیشە.. کوردستان پێویستیی بە حەفلەی لەهجان نییە، کە ئەمەیان زۆر لە پیلانی سایکس بیکۆی لە دووەمین دەیەی سەدەی ڕابووردوودا هاتە ئیمزاکرن؛ گەورەترە، چونکە سایکس بیکۆ یەک خاکی کرد بە چوار؛ بەڵام کوردی بلیمەت، ژێهاتی و عەبقەری (؟!) خەریکن یەک کورد دەکەن بە زێتر لە چوار بەش و نەتەوەی جودا، هەروەک لەمڕۆژانەدا چەند زرکەنووسەرێک  تامساردانە و لنگەفرتانە دەنووسن و فەلسەفە بە کوردی غەشیم دەفرۆشن.

14/11/2007